# راگەیاندنی کۆمیتەی کوردستانی حزبی حیکمەتیست
# دەربارەی بارگرژی نێوان هەردوو بەشی حزبی دیموکراتی کوردستانی ئێران

بەپێی ئەو هەواڵانەی بڵاوکراونەتەوە، بارگرژی نێوان هەردوو بەشی حزبی دیموکراتی کوردستان، لەم ڕۆژانەی دواییدا گەیشتووەتە ئاستی ململانێیەکی توند. دوای جیابوونەوە لە حزبی دیموکراتو پێکهێنانی حزبێکی تر بەناوی حزبی دیموکراتی کوردستان- ئێران بەرابەرایەتی عەبدوڵا حەسەنزادە، ناکۆکی نێوان ئەم دوو حزبە گەیشتووەتە تێکهەڵپژانی فیزیکی. بەپێی قسەکانی جەلیل گادانی یەکێك لە رابەرانی حزبی دیموکراتی کوردستان- ئێران، مەترسی پێکدادانی چەکدارانە لەنێوان ئەم دوو حزبەدا لەئارادایە.

کۆمیتەی کوردستانی حزبی حیکمەتیست داوا لە هەردوو حزبی دیموکراتی کوردستانی ئێرانو حزبی دیموکراتی کوردستان- ئێران دەکات کە بەشێوەیەکی جدیو مەسئولانە خۆیان لە هەرجۆرە پێکدادانو دەرگیرییەك بەدوور بگرن. رابەرایەتی هەردوو حزب لەبەرامبەر گیانو ئەمنیەتی کادرو ئەندامو پێشمەرگەکانیاندا مەسئولیەتێکی گەورەیان لەئەستۆیە. پرەنسیپو سەرەتا موتەمەدنانەکان حوکم دەکەن کە هەر ناکۆکییەك بەشێوەیەکی موتەمەدنانە چارەسەرو یەکلایی بکرێتەوە.

ئینشقاقەکانی نێو حزبە سیاسیەکان چ راستو چ چەپ کۆڵێك ئەزموونی سلبیو ئیجابی بەدەستەوە داوە. جێگەی خۆیەتی ئەزموونی جیابوونەوەی رەوتی ئێمە لە کۆمەڵەو حزبی کۆمۆنیستی ئێران لە سێپتەمبەری 1991دا وەبیر هەردوو بەشی حزبی دیموکراتی بهێنینەوە. رابەرانو بەشی سەرەکی هێزی ئەم دوو بەشەی حزبی دیموکرات لەو بەروارەدا بینیان، کە لە حزبێکی گەورەو چەکداردا جیابوونەوە روویداو لەسایەی هۆشیاری رابەریی ئەوکاتەی حزبو هەست بە بەرپرسیارێتی کردنی بڕیاردەرانی سەرەکی هەردوو لا، لە میانەی جیابوونەوەکەدا خوێن لە لووتی کەسێك نەهات. ئەم شێوازە موتەمەدنانەو ئینسانیە دەبێ لەپەیوەند بە ناکۆکی ناوخۆی حزبەکانو جیابوونەوەو ئینشقاقەکان بەجدی سەرنجی بدرێتێ.

نابێ رێگەبدرێت بەرژەوەندی دەستەیيو تەسکبینیی سیاسی، وەیان بەبیانووی پارەوپولو کەلوپەلەوە، گیانو ئەمنیەتی ئینسانەکان بکەوێتە مەترسیەوە. ناکۆکی سیاسیو دارایيو...تاد دەکرێ لەرێگای ئسولیو بە رەچاوکردنی پێوانە موتەمەدنانەکانو بەرەسمیەت ناسینی مافو حورمەتی ئینسانەکان چارەسەرو یەکلایی بکرێنەوە.

سەرباری ناکۆکی جدیو سیاسی بەئاشکرا راگەیەنراوی ئێمە لەگەڵ هەردوو بەشی حزبی دیموکراتی کوردستانی ئێراندا، بە نیگەرانیەوە دەڕوانینە بارگرژیو پێکدادانە فیزیکیەکانی ئەم دواییەی نێوان هەردوو حزبو وەبیریانی دێنینەوە کە هەرجۆرە پێکدادانێکی فیزیکیو سەربازی وەیان دەستبردن بۆ شێوازی نا موتەمەدنانەو ناسیاسی بۆ چارەسەرکردنی ناکۆکیەکان لە ریزی ئۆپۆزیسیۆندا، لەلایەن جمهوری ئیسلامیەوە کەڵکی لێوەردەگیرێو لەدژی خەڵکی سودی لێوەردەگرێ.

لەروانگەی ئێمەوە حزبە دەسەڵاتدارەکانی کوردستانی عێراق دەبێ لەم نێوەدا ئەرکی خۆیان بەجێبێننو بەر بگرن بەهەر رووداوێك کە لەئاکامی ناکۆکی نێوان دوو حزبی ناوبراودا ببێتە مایەی شەڕو کوشتارو رووداوی دڵتەزێنی ئینسانی.

لە کۆتاییدا مەسئولیەتی پڕاوپڕی یەکلاییکردنەوەی هەر جۆرە ناکۆکیەك بەشێوەیەکی سیاسیو بەبێ پێکدادانی چەکدارانە لەئەستۆی رابەرانی هەردوو حزبدایە.

**کۆمیتەی کوردستانی حزبی کۆمۆنیستی کرێکاریی ئێران- حیکمەتیست**

**28ی دیماه 85- 18ی ژانویە 2007**